تورکیا له (فۆرمی ناتۆ)
کۆمەڵێک گیاندار بە کۆمەڵ دەکوژێ

جەلال بەرزنجی
کەنەدا
دیسەمبەری2007

هەرچەندە ماوەیەکە خەریکی نووسینەوەی , (یادەوەریەکانی زیندان) (پرسن میموار) م , بڕیام دابوو ئەوەندەی پێم بکرێت خۆم لە نووسینی تر بدزمەوە,هەتا شیعریش کە نزیک ترین شتە لێم و هەموو وزەی نووسینم بۆ ئەم کارەم تەرخان بکەم بەڵام یەک دوورۆژە ئەودوو غەدرەی بە ئاشکرا دیسان لە بەر چاوی هەموو دنیا لە یەک کات لە کورد دە کرێت , دێنە بەر چاوم و ناو زەینم و ئەوچەند رۆژە قەڵەمم وەکو جاران ڕێگە داناگرێت بۆ نووسینەوەی یادەوریەکانم کە جارن , وەکو ئاو پێش مەرەکەبی ناو قەلەم پەندانەکەم دەرژایە سەر سپیاتی تازەی کاغەز, یەک لەو غەدرانە, دواخستنی مادەی سەدو چلە, ئەوەیان لە گەلّ ئەوەی غەدرێکی گەورەیە کەوا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (رایس) بێ پێ چوو پەنا(هەر بەرێوە) دوو سێ رۆژ بەر لە ئێستا بە کوردی گووت, ئەوەیان بۆمن و زۆرخەڵکی تریش چاوەڕوان کراوبوو , چونکە دیار بوو سەرکردایەتی سیاسی کوردو لێژنەکانی ئاسای کرنەوەی ڕەوشی کەرکوک کاتیان زۆر لا گرنگ نەبوو , وایان هەست دەکرد دووهەزارو هەشت وا زوو نایەت ,یان ڕەنگە مانەوەی کەرکوک بەو ڕەوشەی ئێستا بۆ پرۆژەبازرگانیەکان و (بزنزەکانیان) گرفت نەبن , بەڵام بوون بە واقیعی غەدرەکە خۆی سەپاند و مادەیەکی تری ناو دوستوور پێشێل کرا, هەرس کردنی زەحمەتە و ڕەنگە بۆ زۆربەی کورد هەر هەرس نەبێت, بەڵام ڕەنگە وەکو شتەکانی تر لە بیر بکرێت, چونکە زەینی کورد یەکەمینە بۆ لە بیر کردنی شتەکان , وبۆیەش مێشکم پێیەوە خەریک بووەو , غەدری دووەم ئەو هێرشەی تورکیا کەلە (فۆرمی ناتۆ) بە پەنجا فرۆکەی جەنگی کردیە سەر ئەوچیایانەی هێشتا بەفری پاریان بەسەرەوە ماوە بۆن باروت کران ,ئەوگوندانەی لەبەر هێرشەکەی تورکیاو سوتاندنی مالّەکانیان نەیان توانی ئەم زستانە سەختەی بناری قەندیل لە بەر سۆبەی دار بە ئارامی ببینن,دەربەدەربوون, دەربەدەربوونی وەرزی زستانیش زۆر زەحمەت ترە لە دەربەدەر بوون لە وەرزەکانی تر , ئەو هێرشەی بە ناو گوایە کرایە سەر پێگەکانی (پ.ک.ک) هەر دژی ئەوان نە بوو بەتەنیا , ڕەنگە ئەوان چونکە مالّی هەمیشەیان لە ناوچەکە نیە , شەڕی پاتیزانی دەکەن , ڕەنگە ئەو کات لەشوێنێکی ترخۆیان بۆ شەرێکی تر ئامادەکربێت, ئەوشەڕەی لە تورکیا بە سەرکەوتن باس کرا , تێک دانی چەند گوندی کوردی لێ کەوتەوە ,ئەم شەڕە کوشتنی مەڕو کەر و سەگی لێ کەوتەوە , ئەوە دوو رۆژە وێنەی کوشتنی بە کۆمەڵی ئەو مەڕانەی لە(سایتی کوردستان نێت) بینیمن لە زەینم دەرناچێت ,ئە گەر (ئەحمەئاکۆی سەرۆکی حزبی کەران) مابوایە دەبوایە هەستی بەرامبەر وەستانی کەرێک بەسێ قاچ و پەڕینی قاچەکەی تری و خوێن لێ چۆڕانی چۆن بوایە, یان ئەکتەری ناوداری ئەمریکی(برجیدباردۆ) کە خۆی بە دەستی گیانداران دەزانی , یان مرۆڤە رۆژئاوایەکان کە زۆربەیان , سەک بە دۆستی حۆیان دەزانن بیان بینیایە سەگێک بەو درندەیە بە بۆمب لێی دەدرێ و بەبریندارى دەمرێت چیان بگووتبایە , ڕەنگە تورکیا وەڵامی بۆ ئەوش هەبێت , بڵێت, ئەومەڕو سەگ و کەرانەی کوژان تیرۆرست بوون !